www.kurdistannet.org

# ئەرێ کامیان شەرعی ترە
# دکتۆر مەحمود یان پەرلەمان؟

فەرەج عەلی
ferejgermyani@yahoo.com

دکتۆر مەحمود عوسمان، کە لە سەروبەندی هەڵبژاردنی پەرلەمان سۆرانییەکیشی بەخۆی وەنابوو تا دەنگی سۆرانییەکان مسۆگەر بکات و داروديوار بەوتەکانی دکتۆر مەحمود سۆرانی سواغ درابوون، ئێستا لەو گۆڕەی بۆتە ئەندامی مەجلیسی حوکم، بەڵام کە هاتەوە بەخشکۆڵی بەکوردستاندا تێپەڕی و یەکسەر لە بەغدا بارگەی خست و دەستی دایە ئیخوان چێتی، کەچی ماوەیەکە بۆ خۆ دەرخستنەوە شارەکانی کوردستان دەگەڕێ و دەیەوێ ناوی بێتەوە ناوناوان، بۆیە کەوتۆتە کوڕگێڕان و بەندی عەجایب دادەنێ، دواجاریش لە ژمارە (١٤٨) نیو مانگ نامەی میدیادا یەک لاپەڕە و چارەگی پێدراوە و پرسیار بارانیان کردووە، ئەویش وەک بلێی لە لەندەن قسە بکات و کەس نەیناسێ بەکەیفی خۆی داوەیەتە بەرێ و ئەوەی گوتوویەتی نەیگێڕاوەتەوە، من هەندێک لە قسەکانی ئاغای دکتۆرتان بۆ ڕیز دەکەم تا خۆتان بزانن چی گوتووە و ئەوسا بەندەش چی دەڵێم: دکتۆر دەڵێ:-

**- پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی نەماوە و ئەوەندەی زووتر هەڵبژاردن بکرێت باشترە و نابێ چاوەڕوانی کەرکووک بین!**

**- دەبێ کورد حیزبێکی عێراقی دابمەزرێنێ!**

**- لەبارەی هەڵکردنی ئاڵای عێراق هەڵوێستی یەکێتیم پێ لەهی پارتی ڕاست ترە، دەبێ ئاڵای عێراق هەبێ؛ ئەمریکا داوامان لێدەکات، دەبێ بەقسەی بکەین... دەبێ تەنازولات بکەین.**

**- کەس نییە هەڵەنەکات، ڕەنگبێ زۆرجار تەقدیرم هەڵەبووبێ، بۆ نموونە کەنسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بوو، ئێمە بووینە لیژنەی تەحزیری و جیابوونەوە و نامیلکەمان نووسی، وامان دەزانی دنیا هەمووی لەگەڵ ئێمەدا دەبێ، هیچ وانەبوو و بەپەلەپەل خۆمان کرد بەناو حیزبی سۆسیالیستیدا!**

**- سوپاس بۆ خوا دژی میللەتی خۆمان نەبووینەو هەر لەریزی میللەتدا ماوین، لەناو ڕیزی میللەتدا هەڵەش بکەی قەیناکا!**

**- بەهەموو سەرکردایەتی کورد نەمانتوانی لە سەردانانی ژنێکی کورد بۆ مەجلس حوکم رێک بکەوین بۆیە نەبوونە ٦ ئەندام!**

دەڵێن قوڕ بەسەر ئەوەی فیرعەون پێی بڵێ کافر... دکتۆر مەحمود بێت و باسی شەرعیەت و هەڵوێستی دروست بکات، جارێ دەبوایە دکتۆر مەحمود پێمان بڵێ بۆ خۆی بەکام شەرعیەتەوە چۆتە مەجلیسی حوکم و نوێنەری کێیە؟ دکتۆر مەحمود لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ڕابەردا خۆی بۆ ڕابەرایەتیی کوردستان پاڵاوت بەڵام بەهەموو قورسایی خۆیەوە نەیتوانی لە ٢٪ی دەنگەکانی کوردستان تێپەڕی بکات، خۆ ئەگەر ئەوە لەگەڵ سەرجەم دانیشتوانی عێراق بەراورد بکەین کە ئێستا

www.kurdistannet.org

دکتۆر لە مەجلیسی حوکم نوێنەرایەتیان دەکات ئەوە دەبێ بەحاسیبەی قوتابیانی کۆلێژی هەندەسە، ڕەگ و ساین و کۆساینی بۆ لێدەین تا نەتیجەی دەرچێ، خۆ (٢٪)ەکەی کوردستانیش بۆ ئەوکات بوو کە دکتۆر لەژێر خێمەی حزبی یەکگرتن دابوو، ئێستاکە یەکگرتن وەک جەژنانە دابەش بووە، (٢٪)ەکەی جەنابیشی پێنج شەش پۆینتی بۆ زیاد بووەو لەوانەیە تاقە سوار بمێنێتەوە، لە بیریشمان نەچێت خودی دکتۆر ئەوکاتە گوتبووی من خۆشم دەنگم بەخۆم نەداوە، توخوا دکتۆر کە نوێنەری خۆشی نەبێت بەچ هەقێک خۆی بەنوێنەری کورد و لەوەش زیاتر خۆی بەنوێنەری عێراق دەزانێ؟ ئایا دکتۆر ئێستا لە بەغدا تەمسیلی کێ دەکا؟ کێ ئەوی لەوێ دانا؟ ئایا پاداشتی ئەو درۆ دەلەسانەیە کە بەگۆڤاری (الوسط)ی فرۆشت و کۆمەڵێک بوختانی بۆ شۆڕشی ئەیلول کرد کە گوایە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووەو خودی دکتۆر بەنوێنەرایەتیی سەرکردایەتی شۆڕش چۆتە ئیسرائیل؟ دکتۆر بەوە گەورەترین خزمەتی عەرەبی کردو خیانەتی لە کورد کرد، چونکە دکتۆر بەوە ناسراوە لەسەردەمی شۆڕشدا تەنها عەددەد مەسینەبووە، نەک نوێنەری سەرکردایەتیی شۆڕش بۆ ئیسرائیل.

کەواتە دکتۆر نوێنەری کەس نییە و مەگەر هەر خۆی بزانێ کێ لەوێی داناوە، بەڵام دکتۆر هەق نییە ئێستا ڕقی خۆی بەو پەرلەمانە بڕێژێ کە وەختی خۆی هەر ئەو دکتۆرە (٢٪)ی دەنگەکانی لێ خەسار کرد، ئاخر هیچ نەبێ بەپارتی و یەکێتی بەقەدەر ٥٠ دکتۆر دەنگیان هێناوە، لە بارەی ئالای عێراقیشەوە، ئەوە لەبەر ئەوەی جەنابی بەتەمایە حیزبێکی عێراقی دابمەزرێنێ بۆی هەیە عێراقچێتی بکات، بەڵام بۆی نییە خۆی بەمامۆستای مام جەلال بزانێ، چونکە مام جەلال لەوە بەرزترە کە ئەو ڕێنمایی بکات، موزایەدە لەسەر سەرکردایەتی سیاسیی کورد بکات کە یەکێکی وەک مام جەلال (عەقلی مدبر)یەتی، سەد سالی تریش دکتۆر سیاسەت بکات ناتوانێ یەک لە هەزاری مام جەلال بۆ کورد وەدەست بێنێ، نموونەی زیندووش سەردانی هەڤال مام جەلال بۆ چین کە وەک سەرکردەیەکی نەک هەر عێراق بەڵکو جیهانی لەلایەن دەوڵەتێکی زیاتر لە یەک ملیار کەسی پێشوازی لێکرا کەچی دکتۆر لە لوتکەی بالادەستی خۆیدا نەیتوانیوە لە هەزار کەس زیاتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، دکتۆر کە لەم دواییەدا هاتەوە سەر خوانی حازر بۆی نییە بێ خۆی بکات بەدەم ڕاستی کورد و تەنزیر بۆ ئایندەی کێشەیەک بکات کە دکتۆر زۆر هەرزان بۆ میدیا شۆڤینیەکانی عەرەب هەراجی کرد. بەڵام تەنها یەک خۆزگەم هەیە، ئەویش ئەوەیە خۆزگە سەرکردایەتی کورد ئافرەتێکی ڕووسوری دەست کەوتباو لە جیاتی دکتۆر کردبای بەئەندامی ئەنجوومەن، تا ئەوکاتە دکتۆر ئەو موزایەداتەی لە کەناڵی ئەلجەزیرە و گۆڤاری (الوسط) کردباو ئەو جورئەتەی هەبایە کە بڵێ خیانەتم کرد، هەروەک چۆن ئێستا دەڵێ (بەپەلە خۆم کرد بەناو حیزبی سۆسیالیستیدا)! ئێستاش کە ئاوا (بەپەلە خۆی کردووە بەناو ئەنجوومنی حوکما)، و جێی ئافرەتێکی ڕوو سووری کوردی گرتووە با هەرهیچ نەبێ قسەنەکات، چونکە تەنها کاتێک خزمەت دەکات کە هیچ ناڵێ، هەر کە قسەشی کرد خیانەتێکی نوێی پێیە، هەروەک ئەمجارە کە بەناشەرعی لە قەڵەمدانی پەرلەمان گەورەترین خزمەتی عەرەب و دوژمنانی کوردستانی کرد.